المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية
ص:87-102
المجلد (9) – العدد(2)، كانون الأول 2025
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

# شیکردنەوەی بنیادی ئاواز و وێنە لە شیعرەکانی (بەختیار عەلی)دا

ایمان جەبار حسن[1]، کوێستان جەمال سەلام[2]

[1,2]بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، عێراق

Email: eman.hassan4563@gmail.com[1], kwestan.salam@univsul.edu.iq[2]

**پوختە:**

ئاواز یەکێکە لەسەرەکیترین بنەماکانی شیعر، هاوکات یەکێکە لەلایەنە کاریگەرەکانی شیعر بۆ مانەوەی شیعر و زوو بڵاوبونەوەی. بێگومان، وێنەش بونیادی بنەڕەتی شیعرە، کە لە کۆمەڵێك ڕەگەز پێکدێت، کە بریتین لە: (زمان، بیر، ئەندێشە، سۆز، نەست، واقع)، بونیادیش لەسیستمێکی ناوەکی پێکدێت، کە ڕەگەزە جیاوازەکانی ناو دەق ڕێکدەخات و پەیوەندییەکانیان پێکەوە گرێدەدات. لەم توێژینەوەیەدا هەوڵمانداوە شیکردنەوەی بنیادی ئاواز و وێنە بۆ شیعرەکانی شاعیر و نوسەر و ڕۆماننووس (بەختیار عەلی) بکەین، تاوەکو ڕوونتر لە مانا و مەبەستی بنیادی شیعرەکانی بگەین، هەر بۆیە توێژینەوەکەمان لەژێر ناوی (شیکردنەوەی بنیادی ئاواز و وێنە لەشیعرەکانی بەختیار عەلیدا) لە پێشەکی و دوو بەش و ئەنجام پێکدێت، کە هەر بەشەی لە چەند تەوەرێک پێکدێت.

**کلیلە وشە:** بنیاد، شیعر، ئاواز، وێنەی شیعری، بەختیار عەلی.

**الملخص:**

تعتبر موسيقى الشعر من اهم العناصر فنية في بناء شعر وجانبا مهما ومؤثرا لبقاء شعر وانتشارها. وبلا شك فان الصورة الشعرية هي الركيزة الاساسية والتي تتكون من عدة عناصر، مثل(اللغة، الفكر، الخيال، العاطفة، الاحساس، الواقع أو التجاذب)، البناء الشعري تتألف من النظم الداخلية والتي تنسق العناصر المختلفة للنص و تنسج معها الاتصال والتقارب فيما بينها.

وفي هذا البحث حاولنا البناء النغمي والصوري لقصائد الشاعر والروائي (بختيار علي)، لكي نفهم بوضوح اكثر لمعاني والقصد من البناء الشعري للشاعر، لذا فان بحثنا سميناه (تحليل البناء النغمي والصوري في قصائد بختيار علي) والتي تتألف من المقدمة وقسمين والمحصلة. وكل قسم تتكون من عدة فرع.

**الكلمات المفتاحية:** البناء، شعر، موسيقي، صورة الشعرية، بختيار علي.

**Abstract:**

Melody is one of the most important principles of poetry, and one of the most influential aspects of poetry for the survival of poetry and its early publication, of course, the image is also the basic structure of poetry, which consists of a number of types, which are (language, thought, emotion, feeling, and reality) the structure consists of a core system, which organizes the different genres in the text and their to realtionships it connects them together, in this research we have tired to analyze

a basic melody and image for the poetry of the post, writer and novelist (Bakhtiar ali) for the purpose of clear understanding of the structure of his poems that is why our study under the name of ((basic analyses of melody and image in (Bakhtiar Ali poems), it consists of an introduction, two parts, and a conclusion, each section consists of several paragraphs.

**Key words:** poetry, melody. Image poetry, Bakhtyar Ali.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.2.6
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

**پێشـــەکی**

ئەم توێژینەوەیە بەناونیشانی (شیکردنەوەی بنیادی ئاواز و وێنە لەشیعرەکانی (بەختیار عەلی)دایە و تیایدا کار لەسەر شیکردنەوەی بنیادی یەکە ئاوازییەکان و تەکنیك و بونیادی وێنە شیعرییەکانی بەختیار عەلی کراوە، تاوەکو لەڕێگەیەوە شیکردنەوەیەکی گونجاو بۆ شیعرەکانی شاعیر (بەختیار عەلی) بکەین لەڕوانگەی تیۆری وەسفی شیکارییەوە.

**ناونیشانی توێژینەوەکە:** ئەم توێژینەوەیە (شیکردنەوەی بنیادی ئاواز و وێنە لەشیعرەکانی بەختیار عەلی)دا، هەڵبژاردنی ناونیشانەکە دەگەڕێتەوە بۆئەوەی لەبواری توێژینەوەی ئەکادیمی کوردیدا پشکی زۆر کەمی بەرکەوتووە **و** ئەم بابەتە وەکو پێویست نەخراوەتە بەرباس و توێژینەوە، بەتایبەت شیکردنەوەی بنیادی ئاواز و وێنەی شیعریی لەناو شیعرەکانی بەختیار عەلیدا.

**میتۆدی توێژینەوەکە:** لەم توێژینەوەیەدا میتودی (وەسفی-شیکاری) کراوەتە بنەما، چونکە بۆ سروشتی توێژینەوەکەمان میتودێکی گونجاوە.

**گیروگرفتی توێژینەوەکە:** هیچ توێژینەوەیەکی ئەکادیمی نییە کێشە و گیروگرفتی بۆ دروست نەبێت، ئێمەش لەم توێژینەوەیەدا بێگیرو گرفت و کێشە نین و ڕەنگە هەر ئەوەش وایکردبێت ئەم کارە ئەنجامبدەین، بۆ نموونە نەبوونی توێژینەوەیەك لەسەر شیکردنەوەی بنیادی ئاواز و وێنە لەشیعرەکانی (بەختیار عەلی)دا، دیاریکردنی بنەماکانی بەشێوەیەکی زانستی و ئەکادیمی.

**سنووری توێژینەوەکە:** سنوری توێژینەوەکە، دیوانە شیعرییەکانی (بەختیار عەلی) یە و تیایدا شیکردنەوە بۆ هەردوو بنیادی ئاواز و وێنە لەشیعرەکانیدا کراوە.

**پێکهاتەی توێژینەوەکە:** ئەم توێژینەوەیە لەپێشەکی و دوو بەش و ئەنجام و پوختەی توێژینەوەکە بە هەر سێ زمانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی پێکدێت. بۆ نموونە لە بەشی یەکەمدا باس لە چەمك و زاراوەی بنیاد و بنیادی ئاواز لە شیعری (بەختیار عەلی)دا کراوە لە شەش تەوەر پێکدێت، تەوەری یەکەم زاراوە و چەمکی بونیاد، تەوەری دووەم ئاستەکانی ئاواز و ڕیتم لە شیعری (بەختیار عەلی)دا، تەوەری سێیەم ئاوازی دەرەوە(کێش) لە شیعری (بەختیار عەلی)دا، تەوەری چوارەم ئاوازی ناوەوە لە شیعری (بەختیار عەلی)دا، تەوەری پێنجەم ئاوازی واتایی لە شیعری (بەختیار عەلی)داو تەوەری شەشەم ئاوازی لاتەنیشت (سەروا) لە شیعری (بەختیار عەلی)دایە. هەروەها لە بەشی دووەمیشدا بە ناونیشانی بنیادی وێنە لە شیعری (بەختیار عەلی)دا، کە سێ تەوەر لەخۆدەگرێت، تەوەری یەکەم چەمك و زاراوە و ڕەگەزەکانی وێنەی شیعریی، تەوەری دووەم بنیادی جۆرەکانی وێنە لە شیعری (بەختیار عەلی)دا، تەوەری سێیەم سەرچاوەکانی وێنە لە شیعری (بەختیار عەلی)دا.

**بەشی یەکەم**

**1- چەمك و زاراوەی بنیاد و بنیادی ئاواز لە شیعری (بەختیار عەلی)دا:**

**1-1: زاراوە و چەمکی بونیاد:** چەمکی بونیاد وەکو چەمکێکی ئەدەبی مانایەکی، تا ڕادەیەك لێکچوو هەم جیاوازی هەیە، هەر زاراوەیەکی ئاسایی لە بوارە جیاجیاکانی دیکەدا بەکاردەهێنرێت. بونیاد لە ئەدەبدا زیاتر لە چەمکی (system) نزیکە، سیستم ئەرکی ڕێکخستنی ناوەوەی دیاردەکانە(هارتمان، 2019، 975). واتە هەر دیاردەیەك دەبینین بەپێی سیستمێکی ناوەکی دروستبووە و بەڕێوە دەچێت. هەروەها لەناو سیستەمدا هیچ یەکەیەکی سەربەخۆ بوونی نییە، بەڵکو هەموو یەکەکان پێکەوە دیاردە گشتییەکە پێکدەهێنن. بێگومان لەدایکبوونی ئەم چەمکەش وەکو چەمکێکی ئەدەبی بۆ زمانزانی سویسری (فێرناند دێ سۆسێر) (1875-1913) دەگەڕێتەوە، چونکە کاتێك خوێندکارەکانی (سۆسێر) لەساڵی (1916) وانەکانی (سۆسێر)یان بڵاوکردەوە، ئەم چەمکە وەکو چەمکێکی زمانەوانی بەکارهات، هەرچەندە (سۆسێر) چەمکی (پەیرەو) یان (پێوەدانی) بەکارهێنا، نەك بونیاد، بەڵام هاومانای بونیاد بوو، ئەمەش وایکرد ئەم چەمکە بێتە ناو بواری زمان و ئەدەبەوە (ئیبراهیم، 2013، 65-66). (سۆسێر) پێی وابوو وشەکان بەشێوەیەکی هەڕەمەکی بەکارنایەن، بەڵکو بەپێی سیستەمێك بەکاردێن، کە بۆ بەکارهێنانی ئاشنان، ئەمەش وا دەکات لێکتێگەیشتن لەنێوان تاکەکانی هەر زمانێکدا دروستبێت، بەمەش وشەکان ناتوانن ئەو مانایانە تێپەڕێنن، کە بەپێی سیستەم و تێگەیشتنی ئەو کۆمەڵگەیە پێیان دراوە، بۆیە دەبێت وشەکان بەپێی یاسا ڕێکخراوەکانی زمانەکە بەکاربهێنین(ماتیۆس، 2022،143)، بۆ نموونە چەمکی (نان) لە زماندا بەستراوە بەدوو چەمك، یان چەند چەمکێکی زیاترەوە، وەك (نان کردن، یان، نان خواردن) ئەوا ئەم ڕستانە بۆ بەکارهێنەرانی زمانەکە ڕاست و دروستن و جێگەی تێگەیشتنن، چونکە بەپێی بونیاد (سیستەمی) ماناکان لەزماندا ڕێکخراون، بەڵام گەر بڵێین (نان شۆردن) یان (نان هەڵکوڵین) هیچ مانایەکی ڕاست و دروست ناداتە گوێگر، چونکە ئەم ڕستانە سەرباری

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.2.6
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

ئەوەی هەردوو وشەکە بەسەربەخۆ مانایان هەیە، بەڵام بەهۆی ئەوەی بەپێی بونیادی زمانەکە ڕێکنەخراون، هیچ مانایەك نادەنە گوێگر، بۆیە کاری بونیاد ڕێکخستنی ناوەوەی زمانە، بۆیە چەمکی بونیاد جەخت لەوە دەکاتەوە هەموو وشەکان پێکەوە لە ڕستەدا مانایەك دروست دەکەن. لەو چوارچێوەیەشدا، دەقی ئەدەبی ئەوکاتەی لەڕووی بونیادەوە لێکۆڵینەوەی لێدەکرێت. هەموو بەشەکانی دەقەکە ئەرکێکی تایبەتییان بۆ بەرهەمهێنانی وێنە گشتییەکە هەیە، کە دەقە ئەدەبییەکە دەیەوێت کاری لەسەر بکات(ئیگڵتن، 2016، 217). بۆ نموونە (بەختیار عەلی) پێی وایە چەمکی بونیاد واتە ((کەرەستەی شیکردنەوەی دەقی ئەدەبی بۆ ئەوەی بگەینە ئەو یەکە بچووکانەی، کە پێکەوە دەقە ئەدەبییەکەیان بەرهەمهێناوە))(عەلی، 2011، 177). واتە (بەختیار عەلی) پێی وایە بونیادگەری چەمکێکی مەعریفییە، کە یارمەتی خوێنەر دەدات بۆ شیکردنەوەی دەق و گەیشتن بەو یەکانەی، کە بەرهەمهێنەری دەقەکەن، هاوکات دیاریکردنی جێگە و پێگەی هەریەك لەو یەکە بچووکانە لە پێکهێنانی وێنە گشتییەکەی دەقەکەدا. هەروەها ((بونیاد بەوێنەی کۆمەڵێك ڕەگەزی دیاری کراودێت، کە هەر ڕەگەزێك لە پەیوەندیدا بە ڕەگەزەکانی ترەوە دیاریدەکرێت))(عبدالعال، 2001، 277). واتە هەر دەقێکی ئەدەبی لە چەند یەکەیەکی بچووك پێکدێت و هەموو ئەم یەکانەش ئەرکێکی دیاری کراویان هەیە. هەر لەم ڕوانگەیەوە (ڕیڤاتێر) دەڵێت: ((بونیاد سیستمێکە لە چەند ڕەگەزێك پێکدێت، ناکرێت هیچ کامێکیان تووشی گۆڕانکاریی ببێت، بەبێ ئەنجامدانی گۆڕانکاریی لە هەموو ڕەگەزەگانی تردا))(ئەحمەد،77،2008). (ڕیڤاتێر) لەم پێناسەیەدا ئەوەی خستووەتەڕوو، کە بونیاد واتە پێکەوەبوونێکی تۆکمەی هەموو ڕەگەزەکانی دەق، بەجۆرێك گۆڕانکاریی دروستکردن لە هەر بەشێکی دەقدا بەدیبایەت، تا گۆڕانکاریی لە بەشەکانی دیکەدا دروست نەکرێت، چونکە بونیاد ((ئەو پێکهاتانە دەگرێتەوە، کە لە دیاردە بەیەکەوە بەستراوەکان پێکدێت، هەریەکەیان لەسەر ئەوی دیکەیان دەوەستێت، چونکە بەبێ پەیوەندیی لەگەڵ ئەوانی تردا بوونی نییە))(ئەحمەد،25،2008). ئیدی بەم شێوەیە ڕوون دەبێتەوە، کە بونیاد بریتییە لە سیستەمێکی ناوەکی، کە ڕەگەزە جیاوازەکانی ناو دەق ڕێکدەخات و پەیوەندییەکانیان پێکەوە گرێدەدات. بەکورتی بونیاد((سیستەمێکە لە گۆڕانکاریی کە یاسا و ڕێسای تایبەت بەخۆی هەیە، وەکو هەموو سیستەمەکانی تر))(عوسمان،13،2009).

**2-1: ئاستەکانی ئاواز و ڕیتم لە شیعری (بەختیار عەلی)دا:** بەشێکی گرنگی شیعر مۆسیقا، یان ئاوازی شیعرە. لەڕاستیدا، هیچ سەردەمێك شیعر بەبێ ئاواز بوونی نەبووە، چونکە ئاواز پێگەیەکی گرنگی لە بنیادنانی دەقی شیعریدا هەیە، هەروەک هەندێک لە توێژەران پێیان وایە، کە زیندویەتی هەر شیعرێك پەیوەستە بە مۆسیقای شیعرەکەوە. واتە((شیعر بەبێ مۆسیقا وەکو لاشەیەکی بێگیان وایە، بۆیە شیعر لەڕێگەی ئاوازەوە کاریگەریی لەسەر خوێنەر دروست دەکات و دەبێتە هۆی ئەوەی، کە چێژی پێ ببەخشێت))(سابیر،51،2015). هەروەها (ڕەفیق حیلمی) لەبارەی بەهای ئاوازی شیعرەوە دەڵێت: ((ئەوانەی کە لە مۆسیقا تێدەگەن لە شیعردا، دەڵێن ئینسان وەکو ئاوەوا پێویستی بەمۆسیقایە))(حیلمی،208،2010). هەر لەو چوارچێوەیەدا دکتۆر (ئەکرەمی میهرداد)یش پێی وایە ((ئامانجی زمان گەیشتنە بە فیکر، ئامانجی بیریش گەیشتنە بە شیعر، ئامانجی شیعریش گەیشتنە بە مۆسیقا))(میهرداد،21،2011). بەم پێیە ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە، کە ئاواز یەکێکە لە بنەڕەتیترین بنەماکانی شیعر و هاوکات یەکێکە لەلایەنە کاریگەرەکانی شیعر بۆ مانەوەی شیعرو زوو بڵاوبوونەوەی و گەرانی بەشێوەی دەماودەم، چونکە شیعر هەرچەندە بەهێزیش بێت، بەڵام لایەنی ئاواز و مۆسیقای تێدا ڕەچاونەکرێت، ئەوا دڵکێش نابێت و لەلایەن هاوڵاتیانەوە بە ئاسانی لەبەر ناکرێتو وەرناگیرێت، هەر بۆیە ((بەهێزترین لایەنی جوانی و ناسکی شیعر بریتییە لە مۆسیقای وشە و دەربرینەکان، چونکە دەبێتە هۆکاری بەرزبوونەوەی ڕۆحەکان و مەزنترین ڕێگایە بۆ هێماکان و بۆ دەربرینی ئەو شتانەی، کە ناتوانرێت بە وشەکان دەرببڕدرێت))(ئەحمەد،10،2008)، ئیدی بەم شێوەیە بۆمان دەردەکەوێت کە ئاواز بەشێکی گرنگ و دانەبڕاوی شیعرە و خاڵی بەهێزی کەمەندکێشکردنی وەرگریشە..

**3-1: ئاوازی دەرەوە (کێش) لە شیعری (بەختیار عەلی)دا:** لەڕاستیدا، ((کێش بنەمایەکی سەرەکی ناسینەوە و جیاکردنەوەی شیعرە لە ژانرەکانی تر، مەرجێکی سەرەکی قاڵبی شیعری هەموو نەتەوەکانە، بەڵام هەریەکەی بەپێی تایبەتمەندیی خۆی و بەپێی سەردەمی خۆی بەکاردەهێنرێت))(سعید،2012، 88)، کێش نەك هەر لەشیعردا، بەڵکو لەوتەی ئاسایشدا گرنگییەکی بەرچاوی هەیە، چونکە ((هەموو دەربڕینێك بەشێوەیەکی گشتی بونیادێکی هەندەسیانەی هەیە، بۆیە نەك تەنها لە شیعردا، بەڵکو لە هەموو گوتراوێکی غەیرە شیعریشدا کێش بونێکی سروشتی هەیە، چونکە شەپۆلە دەنگییەکان بەشێوەیەکی یەکسان لە مێشك دێنە دەرەوە))(عەبدوڵڵا،2020، 157). زمانی هونەریی گرنگییەکی تایبەتی بۆ گوێگر هەیە، بۆیە ((هەر وشەیەك لەبەر هەمی شیعریدا دەبێت بەشێوەیەکی مۆسیقی دەربڕدرابێت، کێش و ڕیتمێکی وای هەبێت، کە بونیادی مۆسیقای دەقەکە پڕبکاتەوە))(هاڵبێرگ،2010، 98).

**- کێشی ئازاد:** ئەم جۆرە کێشە لەگەڵ سەرهەڵدانی شیعری نوێدا لەناو ئەدەبیاتی جیهاندا سەریهەڵدا، چونکە شیعری نوێ، یان شیعری ئازاد، ((بەجۆرێك خۆی بە ڕەتکەرەوەی قاڵب و شێوازی عاموودی شیعری کلاسیك دەبەست))(عبدالطیف، 32،2001).

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.2.6

Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية ص:87-102
المجلد (9) – العدد (2)، كانون الأول 2025
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

لەراستیدا شیعری ئازاد هێندە گوێ بە وەزن و قافیە نادات، بەڵکو ئەوەی لە شیعری ئازاددا گرنگە گەیاندنی مەبەست و ئامانجی شیعرە بە شێوەیەکی سادە و بە شێوازێکی کاریگەر بە گوێگر))(الفواد،2009، 10). شیعری ئازاد لەرووی مێژووی سەرهەڵدانییەوە وەکو زۆرێك لە بابەتە ئەدەبییەکانی دیکە لە ئەوروپاوە سەریهەڵدا، پاشان ئەم رەوتە لە جیهاندا بڵاوبوویەوە، ئەم جۆرە شیعرە لەرێگەی شاعیرانی تورك و عەرەبەکانەوە گەیشتە شاعیرانی کوردی و ئەوانیش وەکو هەوڵێك بۆ پێشخستن و نوێکردنەوەی شیعری کوردی کەوتنە پەیرەوکردنی ئەم جۆرە شیعرە))(عەلی،2023، 61). لەو چوارچێوەیەشدا، (بەختیار عەلی)یش کە زۆرێک لە شیعرەکانی بەم جۆرە کێشە نووسیوە وەك شاعیرانی تری ناو ئەدەبی هاوچەرخی کوردی ئاوڕی لەم جۆرە کێشە داوەتەوە و بەکاریهێناوە وەك لەم نموونە شیعرەیدا دەڵێت:

کە جیهانمان بەشکرد 1+5 = 6
سبەینێی پۆڵا بۆ تۆ 3+4 = 7
دڵی ناسکی بەیانیانیش بۆ من 4 +4 + 2 = 10
گیای قەتار چیە خەیاڵییەکانی ئەمشەو بۆ تۆ 1 + 3 + 5 + 2 + 2 = 13
حەشیشی شێداری ئێواران بۆ من 3 + 3 + 3 + 2 = 11
(عەلی، 2019،322)

**4-1: ئاوازی ناوەوە لە شیعری (بەختیار عەلی)دا:** ئاوازی ناوەوە گرنگییەکی تایبەتی هەیە لە شیعردا، چونکە دەبێتە هۆی رازاندنەوەی شیعر و پێکهاتەیەکی سەرەکی مۆسیقای شیعرە، مۆسیقاش رۆحی شیعرە. ئاوازی ناوەوە لە چەند بەشێك پێکدێت (وەکو دووبارەبوونەوەی تاك دەنگ، دیاردەی بەریەك کەوتنی دەنگ، دوبارەبوونەوەی هێشووە دەنگ، دوبارەبوونەوەی وشە، دووبارەبوونەوەی گرێ و رستە، دووبارەبوونەوەی نیوە دێر و کۆپلە) ئێمە لێرەدا باس لە جۆرێکیان دەکەین ئەویش:

دووبارەکردنەوەی تاك دەنگ: دەنگ بریتییە لە ((ئالەتی دەربڕینی قسە، بەڵکو کرۆکی دەربڕینە، مرۆڤ ناتوانێت هیچ شتێك دەربڕێت، تەنها بەهاوکاریی دەنگ نەبێت، هەروەها وشەکانی مرۆڤ ناتوانن هیچ وەزن و جوانییەك لەخۆبگرن، بەبێ هاوکاریی دەنگ))(الفهداوي، 2009،328). دووبارەکردنەوەی دەنگ رۆڵێکی گرنگی لەلایەنی جوانکاری و مۆسیقای شیعردا هەیە، (جان کۆهین)یش بەم شێوەیە پێناسەی کردووە: ((بریتییە لە هاوشێوەی پیت و هونەرێکی پتەوکردنی ریتمە))(عەلی، 2022،190). دووبارەکردنەوەی دەنگ بریتییە لە چەند دووبارەبوونەوەی دەنگێکی دیار لە یەك دێردا، کە خوێنەر بەخوێندنەوەی دەقەکە راستەوخۆ هەستی پێدەکات، هەمیشە لە دەربڕیندا سترێسی دەخرێتە سەر و درکی پێدەکرێت و مۆسیقایەك بە شیعرەکە دەدات (سلیمان، 2018،113). بۆ نموونە بەختیار عەلی دەڵێت:

بێدەنگن، بەجۆرێك بێدەنگن، هەموو باڵندەکانم دەترسن.
تا ئەو ئەندازەیەی کەشتییەکان لە بێدەنگیدا بخنکێن، بێدەنگن.
(عەلی، 2014،53).

وەک دەبینین، شاعیر لەم شیعرەدا (14) جار دەنگی (ن)ی دووبارەکردووەتەوە، لە زۆرترین باریشدا دەنگەکەی لە کۆتایی وشەکاندا بەکارهێناوە، بەجۆرێك بەتەواوی سترێسی وشەکانی خستووەتە سەر دەنگی (ن).

**5-1: ئاوازی واتایی لە شیعری (بەختیار عەلی)دا:** ئاوازی واتایی یەکێکە لەو جۆرە ئاوازانەی، کە پەیوەندیی راستەوخۆی بە وەرگرەوە هەیە، واتا هەموو وەرگرێك وەکو یەك بە دەقێك کاریگەر نابن. بەمانایەکی تر هەردەقێك چەندین جۆر کاریگەریی جیاجیا لەلای وەرگرە جیاجیاکان دروست دەکات، چونکە دەرهێنانی واتا لە دەق، پەیوەندییەکی دوو لایەنەیە، لەلایەکەوە پەیوەندیی هەیە بە مانا و قووڵی دەقەکەوە، لەلایەکی ترەوە، پەیوەندیی بە توانا و لێهاتوی وەرگرەوە، تا چەند خاوەن پاشخانێکی مەعریفی فراوانە کە دەتوانێت، واتای قووڵ و جیاواز لە دەق دەربهێنێت(عەلی، 2021،65).

نموونەی ئەم جۆرەش ئاوازی واتایی لەرێگەی هونەری دژیەکەوە باس دەکەین کە یەکێکە یەکێکە لە هونەرە جوانکارییە واتاییەکان، کە شاعیران لە شیعرەکانیاندا بەکاریدەهێنن، شێوازێکی جوانکاریی گرنگە کە رۆڵێکی گرنگی لەرووی واتا و دەرخستنەوە هەیە. واتە شاعیر تا لێهاتووتربێت لە توانای شیعریدا زیاتر دەتوانێت سوود لەم هونەرە وەربگرێت بۆ بەهێزکردنی لایەنی واتایی و مۆسیقی شیعرەکەی(جامی، 2016، 61). لەم رووەشەوە دژیەك بریتییە ((لە هێنانی دوو وشە، کە لەرووی واتاوە پێچەوانەی یەکبن) وەکو (شەو، رۆژ، تاریك، روون، بەرز، نزم، پاك، پیس، رەش، سپی) هەموو ئەم وشە دژیەکانەی مۆسیقای

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.2.6
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

ناوەوەی شیعرەکە پێکدەهێنن و ڕیتمێکی تایبەت دەبەخشنە شیعرەکە))(ئەحمەد،2009، 162). لەو چوارچێوەیەشدا شاعیر لە دەقێکی شیعریدا دەڵێت:

لە سەدە تاریکەکاندا..... وەهابوو...
ئاسمان بەرزتر و زەوی نەوی تر بوو.... خوا بەڕەحمتر و شەیتان بەهێزتر بوو..
(عەلی،2014، 121)

وەک دەبینین، شاعیر لەم کۆپلە شیعرەدا، لەڕێگەی هەردوو وشەی (ئاسمان، زەوی) و (بەرزتر، و نەوی تر) دژیەکێکی جوانی هێناوەتەکایەوە، ئەمەش مۆسیقای شیعرەکەی جوانتر کردووە. هەروەها لە دەقێکی تریدا شاعیر ئاماژەی داوە بە دژیەکێکی تر، وەک دەڵێت:

لێرەدا سوپاکان بە شکستی و ئەسپەکان بە کوێری دەگەڕانەوە
لێرەدا براوە و دۆڕاو تێکەڵ بەیەکتر دەبن
خۆشەویستی و ڕق دەبوون بە یەك
(عەلی،2019، 147)

وەک دەبینین، لەم کۆپلەدا شیعریەشدا شاعیر لەڕێگای هەردوو وشەی (براوە، دۆڕاو) و هەردوو وشەی (خۆشەویستی، ڕق) دوو دژیەکی جوانی دروستکردووە، کە هەموویان پێکەوە ڕۆڵێکی جوانکارییان لە مۆسیقای شیعرەکەیدا گێڕاوە.

**6-1: ئاوازی لاتەنیشت "سەروا" لە شیعری بەختیار عەلیدا:** ئاوازی لاتەنیشت (سەروا) ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە بنیاتنانی مۆسیقای شیعریی و بەتایبەت ئاهەنگدارکردنی دێرە شیعریەکاندا و پێکەوە لەگەڵ کێشدا بە دروستکەری ئاوازی دەرەوەی شیعر دانراون. واتە عەزیز گەردی پێی وایە سەروا ((بریتییە لەو دەنگە، یان کۆمەڵە دەنگەی، "کە هەندێ جار بە برگە و لای هەندێ بەپیت ئاماژەی بۆ کراوە" لەکۆتایی وشەی سەروادارەکاندا دووبارە دەبنەوە، ئەمە بەتایبەتی لەکۆتایی لەت، یان دێرە شیعر و هەندێ جار لە ناوەوەش دێ، هەروەکو دەشێ لەپەخشانیشدا هەبێت. بەتایبەتی لە کۆتایی فاسیلەکان، بەمەرجێ وشەکان بەهەمان مانا لە کۆتایی دووبارە نەبووبنەوە))(گەردی،26،1999-27). هەر لەو چوارچێوەیەدا (مارف خەزنەدار)یش دەربارەی گرنگی سەروا لە شیعری کوردیدا دەڵێت: ((قافیە مەرجێکی گرنگ و پێویستە بۆ شیعری کوردی ئەوەی لەبەردەستماندایە هیچ یەکێکی ئەم مەرجەی فەرامۆش نەکردووە))(خەزنەدار،56،1962). هەروەها (بەختیار عەلی)ش وەکو شاعیرێکی هاوچەرخ ئەم بابەتەی فەرامۆش نەکردووە و سەروای لە شیعرەکانیدا بەکارهێناوە، هەروەکو دەڵێت:

بە کۆتر بڵێ بمبورێت (أ)
با گەردنم ئازاکات ئەو (ب)
عەفووم‌کەن هەور و ئەستێرە (أ)
عەفووم‌کەن خۆر و مانگەشەو (ب)
(عەلی،2014، 26-27)

وەک دەبینین، لەم پارچە شیعرەدا وشەگەلی (ئەو) و (شەو) سەروان بەکۆتایی هەردوو پیتی (ەو) سەروان کە، لە دێری دووەم و چوارەمدان ئەم جۆرەیان پێی دەوترێت سەروای یەکگرتوو. هەروەها شاعیر لە شیعرێکی تریدا بە جۆرێکی تر بنیادی سەروای شیعرەکەی خستووەتەڕوو، هەروەک دەڵێت:

من ستایشی بێرەحمی خەنجەرەکانی خۆم دەکەم
ستایشی ژەهر دەکەم لەسەر لێوی عاشقان
ستایشی پشکۆ دەکەم لە جەهەنمدا
ستایشی باڵندەی کوژراوی سەربانەکان دەکەم
ستایشی ماسی خنکاو دەکەم لە لمدا
ستایشی کۆچ دەکەم لەم وڵاتەوە بۆ ئەو وڵات
ستایشی فڕین دەکەم لەم درەختەوە بۆ ئەو درەخت
ستایشی مردن دەکەم لەم وڵاتەوە بۆ ئەو وڵات


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.2.6
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

ستایشی فڕین دەکەم لەم درەختەوە بۆ ئەو درەخت
ستایشی مردن دەکەم لەم خەنجەرەوە بۆ ئەو خەنجەر
ستایشی زستان دەکەم لەم بەهارەوە بۆ ئەو بەهار
ستایشی کوچەی خاڵی دەکەم لە شەوانی شەرمدا
ستایشی پەناگەی خاڵی دەکەم لە بەیانیانی ترسدا
(عەلی،2014، 28)

وەک دەبینین، شاعیر لەم پارچە شیعرەدا دەستەوشەکانی (لە جەهەنمدا) و (لە لمدا) و (لە شەوانی شەرمدا) و (لە بەیانیانی ترسدا)ی بەکارهێناوە و بووەنەتە سەرواى کۆتایی دێڕە شیعرەکان، بەڵام لە وشەی (ترسدا) تەنیا پاشگری (دا)، کە دوو پیتە بووەتە سەرواى دێری کۆتایی، ئەم جۆرەیان پێی دەوترێت سەرواى ئازاد.

**(2): بەشی دووەم: بنیادی وێنە لە شیعری (بەختیار عەلی)دا:**

**(2-1): چەمك و زاراوە و ڕەگەزەکانی وێنەی شیعری:**

وێنەی شیعریی بە یەکێك لەبنەڕەتە سەرەکییەکانی کاری ئەدەبی دادەنرێت، هەموو شیعرێك وێنەیەك، یان چەند وێنەیەك لەخۆ دەگرێت، خوێنەر لەڕێگەی وێنەوە ڕۆدەچێتە ناخی شاعیرەوە و لە سیحر و جوانی تێگەیشتنی شاعیر و خودی شیعرەکەشی دەگات. هەروەها وێنە لە شیعردا وەکو دڵە لە جەستەی مرۆڤدا، تەنانەت وێنەی شیعریی بەیەکێك لە ڕەگەزە گرنگەکانی ئەدەبی هاوچەرخ دادەنرێت، چونکە وێنەی شیعریی هەر لە کۆنەوە لەگەڵ شیعردا هاتووە و پەیوەستبووە بە شیعرەوە. وێنە لە شیعردا شتێکی نوێ نییە، چونکە شیعر لەوەتەی هەیە لەسەر وێنە ڕاوەستاوە، بەڵام وێنەی شیعریی لە شاعیرێکەوە بۆ شاعیرێکی تر و لەسەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی دیکە جیاوازی هەیە(عباس، 1979، 230). زاراوەی وێنە (Image) لەوشەی (Imagination) وە وەرگیراوە، کە مانای ئەندێشە دەگەیەنێت)(عباس، 2023،419). لێرەشەوە خەیاڵ ڕۆڵێکی بنەڕەتی و کارا لە بەرهەمهێنانی وێنەی شیعریدا دەگێڕێت، شاعیر بە یاریدەی خەیاڵ و بەهۆی وشکانییەوە وێنەی بیرۆکەکانی دەکێشێت، ئەو وشانەش کە بەشداری لە پێکهێنانی وێنەیەکی شیعریی دەکەن، هەموویان وشەی ئاساییین، بەڵام لە ئەنجامدا پێکهاتەیەکی نائاسایی دروست دەکەن(حسێن، 94،2008). لە ئەدەبیاتی فارسیدا چەمکی (صور خيالي) و لەئەدەبیاتی عەرەبیشدا (صورة شعرية)، یان (صورة فنية)ی بۆ بەکارهاتووە(عیسا، 19،2009). بەڵام لە ئەدەبی کوردیدا، نووسەران و ڕەخنەگران زاراوەی جیاجیان بەکارهێناوە، بەڵام هەموویان بۆ یەك مەبەست بەکاریانهێناوە، لەوانە: (شێخ نوری شێخ ساڵح) زاراوەی (سورەتی ئەدەبی) و (گۆران) زاراوەی (وێنەی هونەری) و (ئیبراهیم ئەحمەد) زاراوەی (وێنەی شیعریی) و (عەلائەدین سەجادی) زاراوەی (خەیاڵ و وێنە)ی بەکارهێناوە(ئەحمەد، 8،2022). جێی ئاماژەیە لە ڕەخنەی ئەدەبی و لەئەدەبی کوردیدا زیاتر (وێنەی شیعریی) و (وێنەی هونەریی) بەشێوەیەکی بەربڵاو بەکاردەهێنرێت، بەڵام ئێمە لێرەدا وێنەی شیعریی بەکاردەهێنین، چونکە وێنەی هونەری مەوداکەی فراوانترە و دەکرێت وێنەکێشانیش و هونەرەکانی سەر بە وێنەکێشانیش لەخۆبگرێت، بەڵام وێنەی شیعریی سنووردارترە و ئەم وێنەیە لەڕێگەی زمان و وشەوە دروست دەکرێت، کە کەرەستەی بنەڕەتی شعر نووسینە(جمعە، 19،2017). زۆرینەی لێکۆڵەران جەخت لەوە دەکەنەوە، کە وێنەی شیعریی جەوهەری شیعرەو شیعریش بەبێ وێنە نابێت ((وێنە جەوهەری هەموو شیعرێکە، دەکرێت شێوازی شیعر بگۆڕێت، هەروەها دەکرێت وەزن و قافییەی شیعر بگۆڕین یان هەر نەمێنن، بەڵام وێنە ئەو بنەمایەیە کە شیعر بەبێ ئەو نابێت یان مانای ڕاستەقینەی خۆی لەدەست دەدات))(عباس، 21،1979)، چونکە هەموو شاعیرێك لەڕێگەی شیعرەکانییەوە، یان گوزارشت لە ناخ و ژیان و کەسێتی خۆی دەکات، یان شیعرەکەی بۆ پیاهەڵدان و لاواندنەوە و دڵدارییە، لە هەموو ئەم مەبەستانەدا خوێنەر لەڕێگەی ئەو شیعرانەوە وێنەی جۆراوجۆری لە زەیندا بۆ دروست دەبێت. واتە((ئەگەر وێنە لە شیعر بسێنینەوە، ئەوا شیعر نامێنێت و شیعرەکە دەتوێتەوە، بۆیە شیعر وێنەیە و هەر شاعیرە و بە کامێرای چاو خەیاڵ و هەستەکانی وێنە دەگرێت، جا شاعیری واهەیە زوومی کامێراکەی زۆر حوکم ناکات و سەرپێی وێنەکان دەگرێت، شاعیری واش هەیە زۆر وردەبێتەوە و دەتوانێت بگاتە ئەودیو سنورەکانی خەیاڵ و وێنەی ورد و ناسك بگرێت، بەجۆرێك کە ببێتە جێگەی سەرسوڕمانی خوێنەرەکانی و خوێنەرەکانی تووشی سەرسوڕمان بکات، دیارە ئەمەش بەهۆی وردی لە وێنە چنین و وردی لە گوێزانەوەی بەشە بچوك و ناسکەکانی وێنەکەدا))(عیسا، 8،2009). تەنانەت (جاحظ)یش شیعر بەخودی وێنە دادەنێت و لەم بارەیەوە پێی وایە ((شیعر سەنعەتکارییە، جۆرێکە لە چنین و چەشنێکە لە وێنەگرتن))(حەسەن، 134،2004).

**- ڕەگەزەکانی وێنەی شیعریی:** وێنەی شیعریی لە کۆمەڵێك ڕەگەزی ڕەگەزی جیاجیا پێکدێت، هەریەك لەم ڕەگەزانەش بەشدارییەکی کارا لە پێکهێنانی وێنە شیعرییەکەدا دەکەن، تەنانەت ڕادەی بەهێزی و لاوازی ڕەگەزێك لە ڕەگەزەکان ڕۆڵی نەرێنی لە دروستکردنی

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.2.6
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية
المجلد (9) – العدد(2)، كانون الأول 2025
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)
ص:87-102

وێنە شیعرییەکەدا دەبینێت، واتا نابێت ڕۆڵی ڕەگەزێك زۆر زەق بکرێتەوە و ڕەگەزەکانی دیکە لاواز دەربکەون. هەروەها نەبوونی ڕەگەزێك لە ڕەگەزەکان لە وێنە شیعرییەکەدا ئەوا پێکهاتەی وێنەکە لاواز دەکات، ئەمەش دەکەوێتە سەر توانای شاعیر لە دروستکردنی هاوسەنگییەکی گونجاو لەنێوان ڕەگەزە جیاجیاکان و پێکهێنانی وێنەیەکی هاوسەنگ و سەرنج ڕاکێشدا، هەروەك چۆن وێنە ڕەگەزێکی کارای ناو دەقی شیعرییە و وێنە بە هاوکاریی چەند ڕەگەزێکی دیکە شیعر دروست دەکەن، خودی وێنەش لە کۆمەڵێك ڕەگەز پێکدێت، کە بریتیین لەمانە: (زمان، بیر، ئەندێشە، سۆز، نەست، واقع).

1 – **زمان:** زمان کەرەستەی بنەڕەتی تێگەیشتنی مرۆڤەکانە لەیەکتر، زمان لە ئەدەبدا بەگشتی و لە شیعردا بەتایبەتی لە ئاستێکی باڵادایە و بەشێوەیەکی چڕتر کار دەکات. زمان لەلایەکەوە لەڕێگەی دەنگ و وشەکانەوە لەبنیاتی دەقەکەدا ڕۆڵ دەگێڕێت، لەلایەکی تریشەوە بەهۆی دروستکردن و بەرهەمهێنانی مانای نوێوە ڕۆڵ دەگێڕێت، واتە بەجۆرێك شاعیر بە لێهاتووییانە مانایەکی نوێ ببەخشێتە وشەکە لە سیاقی شیعرەکەدا. هەروەها ئەو ڕۆڵەی کە دەنگ و وشەکان لە شیعردا دروستی دەکەن دەبنە هۆی پێکهێنانی مۆسیقای شیعری دەقەکە، ئەمەش لە ڕەخنەی نوێدا گرنگییەکی بەرچاوی هەیە(کەریم، 32،2009).

2 – **بیر:** بیر یەکێکی ترە لە ڕەگەزە سەرەکییەکانی دروستکردن و پێکهێنانی وێنەی شیعریی و ڕۆڵێکی گرنگ و بەرچاوی لە دروستکردنی وێنەی شیعریدا هەیە، چونکە هیچ وێنەیەك بەبێ بیرێکی پێشوەختە بوونی نییە، واتا هەموو وێنەکێشێك پێش ئەوەی وێنەیەك بکێشێت بیرێکی تایبەتی لەسەر چۆنێتی ئەو وێنەیەی هەیە، کە دەیەوێت بیکێشێت، نەک هەر ئەوەندە، بەڵکو هەر وێنەیەك بێ بیرێکی لەپێشینە بێتە بوون، بێگومان وێنەیەکی ناتەواو و کرچوکاڵە. کەواتە بیر ئەو ڕەگەزەیە، کە شاعیر سەرقاڵ دەکات، بۆئەوەی بەدوای بەرگێکی شیعری گونجاودا بگەڕێت بە مەبەستی ئەوەی بیرۆکەکەی بەجوانترین شێوە بەرجەستەبکات، بۆ ئەو مەبەستەش شاعیر بۆ بەرجەستەکردنی بیرەکانی پشت بە ڕەگەزەکانی دیکەی وەك (زمان، سۆز، ئەندێشە) دەبەستێت، بۆئەوەی لە ئەنجامدا بیرەکەی لە بەرگێکی جوانی ئەدەبیدا بخاتەڕوو، بەپێچەوانەشەوە گەر بێت و بیر لە شیعردا ڕەها بکرێت و هاوتای ڕەگەزەکانی تری وەکو (زمان، سۆز، ئەندێشە) نەبێت، ئەوا شیعرەکە بەتەواوی لەلایەنە جوانکارییەکان دادەماڵرێت و هاوشێوەی کۆمەڵێك هوتافی سیاسی لێدێت، کە دوای تێپەڕبوونی ئەو واقعەی کە تێیدا هاتونەتە کایەوە دەمرن و هیچ گیانێکی نەمریان تێدا نابێت(کەریم،35،2009).

3– **ئەندێشە(خەیاڵ):** خەیاڵ ڕۆڵێکی زۆر گرنگی هەیە لە بنیادی شیعردا، چونکە نیشانەی سەرکەوتنی شاعیرە و دەرخەری توانا ڕاستەقینەکانی شاعیرە لەشیعردا(دوقات، 40،2014). هەروەك (هیگڵ) دەڵێت: ((دواجار سەرچاوەی کاری هونەری بریتییە لە چالاکی ئازادانەی خەیاڵ، چونکە خەیاڵ پانتاییەکی ئازاد بۆ شاعیر دەخوڵقێنێت کە بەرهەمی نوێ و ناوازەی تێدا بەرهەم بهێنێت))(احمد، 54،2022). بێگومان، بەرزترین شاکارە هونەرییەکان لە جیهاندا زادەی خەیاڵی هونەرمەندەکانە، خەیاڵ لە بنیادی شیعردا تەنها ڕۆڵی جوانکاری نییە، بەڵکو مانای شیعر فراوانتر دەکات، خەیاڵ وادەکات شیعر لێکدانەوەی زیاتر هەڵبگرێت، لەبەرئەوە هەر شیعرێك خەیاڵی زیاتر تێدا بەکاربێت، ئەوا مانای زیاتر لەخۆی دەگرێت و بە ئاسانی خۆی بۆ یەك مانا و یەك تێڕوانین نادات بەدەستەوە، هەروەك چۆن باڵندەیەك، کە بەرز دەفڕێت و هەمیشە لەنێو هەورەکاندا خۆی ون دەکات و خۆی دەردەخاتەوە، ئەوا بۆ بینین ئاسان نابێت و هاوکات هەندێ جار دەبینرێت و هەندێ جاریش نابینرێت، ئەوا بینەر ناچارە بەوردی تێی بڕوانێت، بەڵام گەر شیعرێك خەیاڵی کەم تێدا بەکارهاتبوو، ئەوا وەکو باڵندەیەکی باڵ شکاو وایە، تەنها دەتوانێت لە سنورێکی دیاریکراودا بفڕێت و ئاسان دەبینرێت و گیرۆدەی یەك جۆر لە مانا دەبێت(عیسا، 52،2009).

4– **سۆز:** یەکێکی تر لەبنەما و ڕەگەزەکانی دروستکردنی وێنەی شیعریی سۆزە، دەروونناسان بەم شێوەیە پێناسەی سۆزیان کردووە: ((بریتییە لە ڕێکخستنی ویژدانی نەگۆڕ کە بەشێوەیەکی ڕێژەیی لە چەندین هەڵچوونی جۆراوجۆرەوە دروست دەبێت))(عزیز، 84،2014). سۆز ڕەگەزێکی سەرەکییە لە بونیادنانی وێنەی شیعرییدا، هەر شیعرێك سۆزی تێدا نەبێت، ئەوا ناتوانێت کار لە دڵ و دەروونی خوێنەر بکات، چونکە سۆز تەزوویەکی گەرمە، کە بەنێو دڵ و دەروونی لەشدا دێت و دەچێت، کڵپەی ئاگرێکە دڵ جۆشدەدات(عیسا، 66،2009).

5– **نەست:** نەستیش یەکێکی دیکەیە لەو ڕەگەزانەی، کە ڕۆڵێکی گرنگ و بەرچاوی لە دروستکردن و پێکهێنانی وێنەی شیعریدا هەیە، چونکە هەموو وێنەیەکی شیعریی جۆرێکە لە سروش وەرگرتن، نەستیش بەپێی دیدی زۆرێك لە دەروونناسان، بەتایبەتی (فرۆید) ڕۆڵێکی گرنگ و بەرچاوی لە هەموو داهێنانێکی هونەریدا هەیە، هەر لەمبارەیەوە (فرۆید) دەڵێت: ((نەست ڕۆڵێکی زۆر گەورە و بەرچاوی لە هەموو ڕەفتار و هەڵسوکەوت و داهێنانەکانی مرۆڤدا هەیە، عەقڵ و ئاگایی ڕۆڵێکی زۆر کەمیان لە هەموو کردار و چالاکییە جۆراوجۆرەکانی مرۆڤدا هەیە))(المطيري، 60،2005).


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.2.6
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

6– **واقیع:** واقیعی ژیانی شاعیر بریتییە لەو ژینگەیەی تێیدا دەژی، هاوشان بە لایەنە دەروونی و ژیری و لایەنە خودییەکانی دیکەی تری دەبێتە ئەو واقیعەی، کە شاعیر بۆ دروستکردنی وێنەی شیعریی بەکاریاندەهێنێت، چونکە((وێنەی شیعریی بەر ئەنجامی گەشەکردنی هۆشیاری تاکە بە واقیعی دەوروبەر))(أحمد، 2022،59). ڕاستە شاعیر واقیع دەکاتە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ داهێنانی وێنە شیعرییەکانی، بەڵام ئەم واقعە لەشیعردا کوتومت وەکو خۆی بەکارناهێنرێتەوە، چونکە گەر بێت و وەکو خۆی بەکاربهێنرێتەوە، ئەوا نابێتە داهێنانی شیعریی، بەڵکو دەبێتە کۆپی کردن، هەر بۆیە شاعیر دەبێت سوود لە واقیع وەرگرێت بۆ گوێزانەوەی جوانی و ناشیرینییەکانی ئەو ژیانەی تێیدا دەژی، بەڵام بەجۆرێك کە شاعیر بتوانێت لەڕێگەی هەست و سۆز و خەیاڵەکانی خۆیەوە دەستکارییەکی هونەرمەندانەی ئەو واقیعە بکات(عەلی، 2024،188).

**2-2: بنیادی جۆرەکانی وێنەی شیعریی لە شیعری (بەختیار عەلی)دا:**

**بنیادی وێنەی تاك:** وێنەیەکی بچوکی سادەیە، بەڵام وێنەیەکی چالاکە و ڕۆڵی گەورەی لە بنیادنانی وێنەی گشتی دەقەکەدا هەیە. ئەمەش لەبەرئەوەیە، کە ڕۆڵی کارا دەگێڕێت بەدروستکردنی گونجان لەنێوان وێنەکانی دیکەی دەقەکەدا. هەروەها ڕۆڵی بەرچاوی لە دروستکردن و پێکهێنانی وێنەی کۆتایی دەقەکەدا هەیە، چونکە دەتوانێت ڕۆڵی تەواو لە پێشکەشکردنی ناوەڕۆکە دەروونییەکان و ڕەهەندە ژیرییەکانی ئەزموونی شیعریدا بگێڕێت(احمد، 2022،66). وێنەی تاك چەند جۆر و شێوازێکی هەیە کە لێرەدا تیشك دەخەینە سەر هەندێکیان.

1– **شێوازی هەست گۆڕکێ:** شاعیر ڕۆژانە لەڕێگەی پێنج هەستەکانییەوە زانیاریی نوێ لە دەوروبەر و سروشتەوە وەردەگرێت، کە بێگومان هەستی بیستن لە پێش هەموویانەوەیە، چونکە گەربێت و چاویشی دابخات، ئەوا هەر دەتوانێت ببیستێت، دواتر ئەو زانیارییانەی، کە لەڕێگەی هەستەکانییەوە وەریدەگرێت لە دەروونیدا تێکەڵیان بکات و وێنەی تایبەت و جیاوازتری لێ بەرهەم دەهێنێت(أحمد، 2022،67). بۆ نموونە شاعیر دەڵێت:

تامی باران تامی بادە پڕ لە خوێنەکان بوو
ترس وەکو ددانێکی ئاڵتونی لە گوژمەی خوێنەکەمدا ئەبریسکایەوە
(عەلی، 2019،207).

وەک دەبینین، شاعیر لەم شیعرەدا وێنەیەکی هەست گۆڕکێی دروستکردووە، بەوەی باران بەر لەش دەکەوێت و تامی نییە، بەڵام لێرەدا شاعیر بارانی بەر زمان کەوتووە و تامی خوێن دەدات، لەکاتێکدا باران ئاوە و ئاویش هیچ تامێکی نییە، هەروەها (ترس)یش هەستێکی دەروونییە و هەموو جەستە دەگرێتەوە و هیچ ڕەنگێکی نییە، بەڵام لێرەدا شاعیر ڕەنگی پێداوە، کە ئەویش ڕەنگی ئاڵتونییە، هاوکات بینینی ڕەنگ ئەرکی هەستی بینینە، کەچی شاعیر لێرەدا هەستکردن بە ترس، کە ئەرکی لایەنی دەروونی مرۆڤە، داویەتە چاو، کە وەکو ددانێکی ئاڵتونی دەیبینێت.

**أ- بەرجەستەکردن:** بەرجەستەکردن بریتییە لە پێدانی جەستەیەکی بینراو بە چەمکە مەعنەوی و عەقڵییەکان، لەکاتێکدا ئەم چەمکانە لەبنەڕەتدا بەهۆی درککردنی عەقڵی و مەعنەوییەوە بۆ بوونیان دەگەین و هەست دەکەین، کە هەن، بەڵام شاعیر لێرەدا دێت لە ڕێگەی هونەری شیعر نووسینەوە، ئەم چەمکانەمان لە چەمکێکی مەعنەوی نەبینراوەوە دەکاتە وێنەیەکی بینراو بۆئەوەی بتوانین لەڕێگەی هەستە ئاساییەکانمانەوە بیانبینین(أحمد، 2022،73). بۆ نموونە شاعیر دەڵێت:

سوارچاکەکان لە دۆڵەکاندا خەوتبوون و پەڕەی یاداشتەکانیان، وەك ڕەفتەی بوکێکی کوژراو بەجێمابوو، (با) وەکو ئەسپێکی شەل لە کوچەکاندا دەشەلی.
(عەلی، 2019،207).

وەک دەبینین، وێنە شیعرییەکە لێرەدا بەهۆی بەرجەستەکردنەوە دروستبووە، کە سیفەتی گیانلەبەرانی بەخشیوەتە (با) و وەکو ئاژەڵێك مامەڵەی لەگەڵ کردووە، ئەو سیفەتەش کە سیفەتی شەلیە، جگە لەمەش ئێمە با نابینین تەنها لەڕێگەی کاریگەرییەکانییەوە هەست بەبوونی دەکەین، بەڵام شاعیر بای لە وێنەی ئەسپێکدا بۆ خستوینەتەڕوو و سیفەتی شەلیشی پێبەخشیوە.

**ب - بەتەنکردن:** واتە بەتەنکردنی ئەو چەمکانەی، کە چەمکی ژیرین و تەن و بارستایی و قەبارەیەکیان نییە، لێرەدا شتە واتاییەکان لە وێنە هونەرییەکاندا وا خۆیان نیشان دەدەن، کە تەنێکن و قەبارە و بارستاییان هەیە و شوێنێك داگیر دەکەن، ئەمەش بەهۆی خەیاڵ فراوانی شاعیرانەوە بەرهەم دێت. بێگومان، مرۆڤ و ئاژەڵ و دار و بەرد قەبارەیەکیان هەیە، بەڵام پێیان ناوترێت تەن، چونکە

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.2.6
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (9) – العدد(2)، كانون الأول 2025
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

مرۆڤ و ئاژەڵ بەوە لە تەن جیادەبنەوە، کە ئەگەری گۆڕانی زیاتریان تێدایە لە قەبارە و شکڵ و شێوەدا، بەڵام تەنەکان بەو شێوەیە نین. بۆ نموونە شاعیر دەڵێت:

دوای تۆزی ئەم وێرانەیە، تەنها غوبار هەیە بیخۆین، لەمڕۆوە سێو نامێنێت، بۆنی
خوێنی لێنەیەت، لەمڕۆوە هەرمێ نامێنێت، قەپاڵی لێنەگرتن و هاوار نەکات.
(عەلی، 47،2014).

وەک دەبینین، شاعیر لەم نموونەیەشدا جارێکی دیکە وێنەیەکی شیعریی لەڕێگەی بەتەن کردنەوە دروستکردووە، چونکە وەك ئاشکرایە (غوبار) تەن نییە و قەبارە و بارستاییەکی نییە، بەڵام هاتووە غوباری کردووە بەخواردن و هەموو خواردنێکیش قەبارە و بارستاییەکی هەیە، لەلایەکی تریشەوە لەهەمان کۆپلەدا شاعیر وێنەیەکی بەکەس کردنیشی بەرهەمهێناوە، چونکە سیفەتی (هاوارکردن)ی بەخشیوەتە هەرمێ لە کاتێکدا هاوارکردن تەنها سیفەتی مرۆڤە.

**ج: بەکەس کردن:** بریتییە لەبەخشینی سیفەت و تایبەتمەندیی مرۆڤ بەشتە بێگانەکان و ئاژەڵان وەکو قسەکردن و پێکەنین و گریان و خەمباربوون.... هتد. بەکەس کردن ((بریتییە لە بەخشینی سیفەتەکانی ئادەمیزاد بەو شتانەی تر، کە خاوەنی ئەو سیفەتانە نین، جا ئیتر ئەو شتانە ئاژەڵ بن، یان دار و درەخت، یان هەر بابەتێکی دیکەی ژیان))(حەسەن، 140،2004). لەڕاستیدا ئەم جۆرە بەکەسکردنە جۆرە دەربڕینێکی قووڵی هونەرمەندانەیە، کە شاعیر پەنای بۆ دەبات بۆئەوەی لەڕێگەی ئەو بەسەرکردنیەوە بە وردترین و قووڵترین شێوە ئامانج و مەبەستەکانی بگەیەنێتە خوێنەر و گوێگر.

بۆ نموونە (بەختیار عەلی) دەڵێت:
- دارستان و با و هەورەکان، پێمپێکەنین
کە زانیان بەنهێنی سیحرێکی گەورە ئەزانم
(عەلی، 198،2019).

وەک دەبینی لێرەدا شاعیر دارستان و با و هەورەکانی بە مرۆڤ کردووە، چونکە سیفەتی پێکەنینی پێبەخشیون، لەکاتێکدا پێکەنین تەنها سیفەتی مرۆڤە.

**- بنیاتی وێنەی لێکدراو:** هەندێ جار شاعیر ئەو بیرۆکە و مەبەستەی، کە دەیەوێت بگەیەنێت بە گوێگر لەڕێگەی وێنەیەکی تاکەوە بەرجەستەئەکات، یان بە مانایەکی تر وێنە تاکەکە ئەتوانێت مەبەستی شاعیر وەکو خۆی بگەیەنێت، بەڵام هەندێ جاریش ئەو وێنە تاکە توانای ئەوەی نییە، کە مەبەستەکە وەکو ئەوەی شاعیر دەیەوێت بگەیەنێت، چونکە بیرۆکەکان ئاڵۆزترن لەوەی، کە وێنەیەکی تاك توانای گواستنەوەیانی هەبێت، هەربۆیە ناچارە پەنا بۆ وێنەی لێکدراو ببات. لەو ڕووەشەوە هەر وێنەیەکی لێکدراو بریتییە لە چەند وێنەیەکی سادە و پێکەوە گونجاو، کە لەسەر بنەمای پێشکەشکردنی سۆزێك یان بیرێك، یان هەڵوێستێك بنیات دەنرێت(گەرمیانی، 54،2000). بۆ نموونە شاعیر دەڵێت:

لە مێژە ئاگردان کوژاوەتەوە، لە مێژە ڕاوکەرەکان لە ڕەشماڵەکانیان خەوتوون، لە مێژە باران دەبارێت، لە بازاڕی ئاسنگەران کورەکانیان خامۆشکرد.
(عەلی، 98،2014).

وەک دەبینین، شاعیر لەم شیعرەدا چەند وێنەیەکی لەیەکتری جیای لەسەر یەك کەڵەکە کردووە، کە هەر هەموویان دەچنە بواری شێوازی وەسفی ڕاستەوخۆوە، کە شاعیر لەم شیعرەدا بەتەواوی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ و ڕەوان وێنەی ئەو دیاردانەی بۆ کێشاوین، کە ڕۆژانە بەرچاوی کەوتوون و لەڕێگەی وشەکانییەوە، ئەو وێنانەی دروستکردووە، هەرچەند ئەم وێنانە ناتوانن سۆزمان بوروژێنن، چونکە خاوەنی خەیاڵێکی قووڵ و فراوان نین، بەڵام شاعیر ئەم کارەی بەمەبەست ئەنجامداوە، چونکە لە وێنەی گشتی شیعرەکەدا ئەرکێکی جیاوازیی بەخشیوەتە ئەو وێنەیەی کە لە واقیعدا هەیەتی.

وەک ئاشکرایە شاعیران لەڕێگەی هەست و ژیرییەوە وێنەکانیان بەرهەم دەهێنن، هەر ئەمەش وایکردووە ڕەخنەگران وێنەی شیعریی بەسەر وێنەی هەستی و ژیریدا دابەش بکەن.

**1– وێنەی هەستی:** هەستەکان بریتیین لەو ناوەندەی، کە لەڕێگەیانەوە دیاردە جۆراوجۆرەکانی جیهانی دەرەوە بۆ دەماغ دەگوێزرێنەوە، ئەمانیش بریتیین لە هەستی (بینین "کە ناوەندی چاوە")، (بیستن "کە ناوەندی گوێیە")، (بۆنکردن "کە ناوەندەکەی

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.2.6

Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (9) – العدد (2)، كانون الأول 2025
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

لوته")، چەشتن "کە ناوەندەکەی زمانە")، بەرکەوتن "کە ناوەندەکەی پێکهاتە جیاجیاکانی جەستەیە، بەتایبەت پێست")(راجع، 87،1997).

بۆ ئەو مەبەستەش لێرەدا وێنەی شیعریی بەپێی هەر پێنج هەستەکە دەخەینەڕوو، کە بریتین لە:

أ– **هەستی بینین:** یەکێك لە چالاکترین و بەرچاوترین هەستەکانی مرۆڤ هەستی بینینە، کە ڕۆڵێکی گەورەی لە دروستکردنی وێنەی هونەریدا هەیە. هەستی بینین سەرەتا شێوەکان دەخاتەڕوو، پاشان قەبارە و ڕووبەروو ڕەنگ و جووڵەکان و هەموو ئەو دیاردانەی، کە لە وێنەیەکدا هەیە و بە هەستی بینین درك دەکرێن(أحمد، 91،2022). شایانی باسە هەستی بینین لەسەرووی هەموو هەستەکانەوە دێت، چونکە لەڕووی هەستپێکردنەوە لەهەموو هەستەکانی تر بەهێزتر و کاریگەر ترە، وێنەی هونەریش بەرێژەیەکی زۆر بەر ئەم هەستە دەکەوێت(حەسەن، 203،2004). بۆ نموونە شاعیر دەڵێت:

کۆشکێکی دووری سپیە، لە ئێوارە تاریکەکاندا، قەڵەندەرەکان ئەبینن.

بەر پەنجەرەکانی پڕن لە مرۆڤی خەوتوو، سەر بوورجەکانی پڕن لە باڵندەی شینی گەورە گەورە، خانمانێك لە جلی ئاوریشمدا، خزمەتکارانی ڕەشپۆش بەخۆیان و سینی پڕگێلاسەوە لەمێژە بێهودە بەڕارەوەکانیدا دێن و دەچن.
(عەلی، 94،2014).

وەك دەبینین، شاعیر لەم دەقەدا کۆمەڵێك وێنەی بۆ کێشاوین، کە هەموویان بە هەستی بینین درك دەکرێن و لەسەر بنەمای هەستی بینین دروستبوون، لەوانەش وەکو: (کۆشکێکی دووری سپیە) "کۆشك- دوور- سپی"، هەرسێ چەمکەکە بەهۆی هەستی بینینەوە درك دەکرێن، کۆشك تەنێکە بێتام و بێ بۆن، بەڵام ڕەنگی هەیە، کە سپییە ئەم ڕەنگەش بەهۆی بینینەوە درك دەکرێت، "سەر بورجەکانی پڕن لە باڵندەی شینی گەورە"، سەر بورجەکانی تەنها بە چاو دەبینرێن، باڵندەکان کە ڕەنگیان شینە، ناتوانین بە دەست دەستیان لێبدەین، چونکە دوورن و لەسەر بورجەکانن، بۆیە تەنها دەتوانین بیانبینین.

2– **بیستن:** یەکێکە لە هەستە گرنگەکانی مرۆڤ، کە لەڕێگەیەوە لەگەڵ جیهانی دەرەوەدا پەیوەندیی دروست دەکات و تێگەیشتن لەگەڵ ئەوانی تردا دەهێنێتە کایەوە. هەستی بیستن لە نیوەی مانگی پێنجەمی تەمەندا بەتەواوی دەکرێتەوە و منداڵ گوێی لە هەموو جۆرە دەنگەکان دەبێت(جعفر، 317،2019). هەموو دەنگە جۆراوجۆرەکانی وەك دەنگی مرۆڤ و ئاژەڵەکان و با و خوڕەی چەم و تاڤگە و جریوەی باڵندەکان هەموویان لەڕێگەی هەستی بیستنەوە دەبیسترێن، ((دەنگ وشەکان وەکو جۆرێك لەکەرەستەی بنیاتنان لە پێکهێنانی وێنەی شیعریدا بەشداری دەکەن))(أحمد، 93،2022). نموونەی ئەمەش هەروەك شاعیر دەڵێت:

من هاوار لەدوا نەعرەتەی مەرگ بکەم
ئەو بڵێ... ئاخ ئەی زیندەگی جوان
من بڵێم.... ئاخ... ئەی خوماری مردن
ئەو بڵێ..... هاوار ئەی بەیانی هاوار
من بڵێم.... هاوار ئەی شەو هاوار
(بەختیار عەلی، 12،2019).

وەك دەبینین، شاعیر لێرەدا وێنەیەکی شیعریی لەسەر بنەمای دەنگ و هەستی بیستن دروستکردووە، هاوارکردن، کە جۆرە دەنگێکی بێ وشەیە لە زماندا بۆ ئاگادارکردنەوە، یان بۆ دەربڕینی ئازارێك بەکاردەهێنرێت. هەروەها وشەی (ئاخ)، کە وشەیەکە بۆ خەم و خەفەت هەڵکێشان بەکاردێت، شاعیر بۆ بەراوردکردنی ژیان و مردن بەکاریهێناوە، بەجۆرێك ئاخی بۆ ژیانی جوان و کۆتایهاتنی بە مردن هەڵکێشاوە.

3– **هەستی بۆنکردن:** هەندێجار شاعیران بە پاڵپشتی هەستی بۆنکردن وێنەی شیعریی بنیات دەنێن. بێگومان، هەستی بۆنکردن لای شاعیر ڕۆڵێکی گرنگی لە دروستکردنی وێنەی شیعریدا هەیە، چونکە ئەم هەستەوەرە یارمەتیدەرە بۆئەوەی شاعیر درك بە هەموو ئەو شتانە بکات، کە بۆنیان هەیە(الرکابي، 163،2019).

بەختیار عەلیش لە شیعرەکانیدا چەندین جار بۆ دروستکردنی وێنە شیعرییەکانی پشتی بە هەستی بۆنکردن بەستووە. هەر بۆ نموونە ئەوەتا لە شیعرێکیدا دەڵێت:

من ئەمشەو لەکوچە خەیاڵییەکاندا بەدوای تۆدا گەڕام.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.2.6
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

گوڵی گۆڕستانەکانم بۆنکرد.
(عەلی، 52،2019).
وەک دەبینین، شاعیر لێرەدا بەشێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا هەستی بۆنکردنی لەم وێنە شیعرییەدا بەکارهێناوە، ئەویش لەڕێگەی(بۆنکردنی گوڵی گۆڕستانەکانەوە).

**4– هەستی چەشتن:** ئەمەش یەکێکی ترە لە هەستەکانی مرۆڤ، کە دەتوانێت بەهۆیەوە، تامە جیاجیاکانی وەکو(تاڵی، سوێری، شیرینی، ترشی....هتد) پێی لەیەکتر جیابکاتەوە. هەروەها شاعیر دەیەوێت لەڕێگەی ئەم وێنەیەوە هەموو ئەو هەستە تایبەتیانە بۆ خوێنەر بگوێزێتەوە، کە خۆی لەڕێگەی تامکردنەوە بۆی دروستبووە. جگە لەمەش، گەر شاعیر بیەوێت وێنەیەکی تەواو بۆ خوێنەر بگوێزێتەوە، ئەوا پێویستە هەستی چەشتنیش لەو وێنەیەدا ڕۆڵی هەبێت و بەشدار بێت(محمد، 89،2017). بۆ نموونە شاعیر دەڵێت:

دەمەوێت، بۆنی خەیاری برینداری ژێر سەرینەکانی منداڵیم
تامی ئاوی ناو مەرکانەکانی هاوین بکەم
(عەلی، 67،2019).

لێرەدا شاعیر لەڕێگەی هەستی چەشتنەوە وێنەیەکی شیعریی بۆ بەرهەم هێناوین، ئەویش (تامکردنی ئاوی ناو (مەرکانە)یە لەهاویناندا، کە زۆرینەی جار ئەم دەبانە شوانەکان لەهاویندا بەکاریدەهێنن، دیارە نەهامەتی و تاڵی ژیانی شاعیر وای لێکردووە، کە تامی شتەکان تاڵ و ناخۆش بن لەلای، هەر بۆیە هیوا بەتەمەنی منداڵ دەخوازێ کە هەموو شت بەتام بووە تەنانەت ئاویش تامێکی تایبەت و خۆشی هەبووە، کە لە ئێستادا ئەو تامانە نەماون.

**5– هەستی بەرکەوتن:** یەکێکی دیکە لە هەستەکان، کە لە دروستبوونی وێنەی هەستیدا بەشداری دەکات هەستی بەرکەوتنە، ئەم جۆرە هەستە پشت بە پەیوەندیی ڕاستەوخۆ دەبەستێت، بوارەکانی ئەم جۆرە هەستە بریتییە لە: (نەرمی، ڕەقی، گەرمی، ساردی، زبری، شێ، وشکی)(مراد، 61،1998). هەروەك (نصرت عبدالرحمن)، بەم شێوەیە پێناسەی هەستی بەرکەوتنی کردووە((بریتییە لە وێنەیەکی شیعریی کە لەسەر بنەمای هەستی بەرکەوتن بونیادنراوە و هەموو پرسەکانی نەرمی و ڕەقی و زبری و.... هتد تێیدا ڕەنگی داوەتەوە))(سعد، 67،2022). شایانی باسە، هەستی بەرکەوتن هەستێکی زۆر گرنگە کە هاوکاریی هەستەکانی دیکەی وەك بینین و بیستن دەکات بۆئەوەی بتوانن وێنایەکی واقیعی ئەو دیاردەیەیان لەلا دروست ببێت، کە دەبینن و دەیبیستن(فرجون، 2017، 9). بۆ نموونە شاعیر دەڵێت:

دەستت بەر هەرشتێك کەوتبێت ئێستا دەگری.
گەر دەستت بەر ئەم سەعاتە کەوتووە، ئێستا ئەیەوێت بەبێ تۆ زەمان حیساب نەکات.
گەر دەستت بەر ئەم پەرداخە کەوتووە، ئێستا ئەیەوێت بەبێ تۆ.... کەس شەرابی تێنەکات.
(عەلی، 111،2014).

وەک دەبینین، لە دێری یەکەمدا شاعیر دەیەوێت ڕادەی کاریگەریی دەستی خۆشەویستەکەیمان بۆ بکێشێ، هەربۆیە پێمان دەڵێت خۆشەویستەکەی دەستی بەر هەر شوێنێك کەوتبێت ئێستا بەبێ ئەو دەگری. هەروەها شاعیر لەم شیعرەدا بەمرۆڤ کردنیشی دروستکردووە، چونکە (گریان) تەنها تایبەتمەندیی مرۆڤە، بەڵام شاعیر لەڕێگەی پاڵدانی گریان بۆ لای هەموو ئەو شتانەی، کە یارەکەی دەستی بەری کەوتووە، دیاردەی بەمرۆڤبوونی ئەنجامداوە.

**- بنیاتی وێنەی شیعریی لەڕووی وەستان و جووڵەوە:** کاتێك شاعیر وێنەیەکی شیعریی بەرهەم دەهێنێت، هەمیشە ئەو وێنەیە بارێکی دیاریکراوی هەیە، ئەویش باری جووڵەو وەستاویە، بۆیە ڕەخنەگران وێنەیان لەڕووی بونیادەوە بۆ دوو جۆر دابەشکردووە ئەوانیش بریتین لە وێنەی وەستاو و جوڵاو.

**1– وێنەی وەستاو:** وێنەی وەستاو ئەو وێنەیە، کە شاعیر پشت بە وەسف دەبەستێت، بۆ نیشاندانی دیمەنێکی تایبەت لە ساتێکی دیاریکراودا و بارێکی جێگیر و وەستاوی هەیە، بەجۆرێك، کە وێنەکە زیاتر لە تابلۆیەك دەچێت، کە بە وشە کێشرابێت(أحمد، 122،2022). هەروەک شاعیر دەڵێت:

گوێم لە وێنەکانی جارانە، کە ستایشی ساڵانی جارانی ئەکەن
گوێم لە مراویە کوژراوەکانە کە ستایشی تاپرە کۆنەکان ئەکەن
(عەلی، 110،2014).


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.2.6
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية
المجلد (9) – العدد (2)، كانون الأول 2025
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)
ص:87-102

وەک دەبینین، شاعیر لێرەدا وێنەیەکی وەستاوی بۆ بەرهەمهێناوین، چونکە شاعیر دەیەوێت چیەتی وێنەیەکی جارانمان بۆ بکێشێت. وێنەکەش خۆی لەخۆیدا وەستاو و نەگۆڕە، جگە لەمەش بۆ دەرخستنی بەهێزی لایەنی وەستاوی وێنە شیعرییەکەی ئاماژەی بەوەداوە، کە وێنەکە ستایشی ڕابردوو دەکات. ئاشکراشە ڕابردوو تەواو بووەوە بڕاوەتەوە و ئەگەری هەموو جووڵە و گۆڕانێکی تێدا سفرە. هەروەها مراویە کوژراوەکانیش ئیدی ژیانیان تێدا نەماوە، تا بجولێن، بەڵکو کوژرانیان بووەتە هۆی کۆتایهێنان بە هەموو جووڵەیەك لە لەشیاندا.

**2– وێنەی جوڵاو:** بەپێچەوانەی وێنەی وەستاوەوە بەردەوام جموجۆڵی تێدایە و مرۆڤ هەست بەگەرم و گوڕی وێنەکە دەکات، چونکە جووڵە گیان دەخاتە بەر وێنە و لە وەستان ڕزگاری دەکات و دەیژێنێتەوە و بەردەوامی پێ دەبەخشێت، کەواتە وێنەی جوڵاو وێنەیەکە بەردەوامی تێدایە و تیشکە واتاییەکانی هەرگیز ناوەستێت(عباس، 2023،423). بۆ نموونە شاعیر دەڵێت:

شوێنی خۆت لەم گێژەڵۆکەی تەنهاییەدا بگرە
سواری هیچ کەشتییەك مەبە
من خۆم لاشەی نوحم لەسەر ئاوەکان بینی
(عەلی، 2014،46).

وەک دەبینین، شاعیر لێرەدا لەڕێگەی وشکانییەوە، وێنەیەکی تەواو پڕ جووڵەی بۆ داهێناوین، چونکە هەر سێ چەمکی(گێژەڵۆکە)، (کەشتی)، (ئاو)، سێ چەمکی پڕ لە جووڵەن، هەروەك ئاشکرای سیفەتی هەمیشەی (با) جووڵەیە، کەچی ئەم چەمکی گێژەڵۆکەی بەکارهێناوە، کەبریتییە لە بایەك، کە خێراییەکەی لە بای ئاسایی زیاترە. هەروەها کەشتی هەمیشە لەئاودا دەجووڵێت و هەر شتێکیش سەر ئاو بکەوێت ئەوا ئاوەکە دەیجوڵێنێت، بۆیە شاعیر لەم شیعرەدا وێنەیەکی تەواو پڕ جووڵەی بۆ داهێناوین.

**2-3: سەرچاوەکانی وێنە لەشیعرەکانی (بەختیار عەلی)دا:**

شیعر هەمیشە خاڵی نییە لە وێنەی شیعریی، چونکە وێنە بەشێکی گرنگی شیعرە و شیعر ناتوانێت دەستبەرداری بێت، بەڵام لەگەڵ گۆڕانی سەردەمەکاندا وێنەش گۆڕانکاریی بەسەردا هاتووە و خاسیەتی سەردەمەکەی هەڵگرتووە(مەولود، 2021،159). بۆیە سەرچاوەکانی وێنە لەلای شاعیران جۆراوجۆر و فروانن، بەڵام ئێمە لێرەدا تیشك دەخەینە سەر چەند سەرچاوەیەکی تایبەت لە شیعرەکانی بەختیار عەلیدا.

**1– سەرچاوەی خودی**: یەکێك لە سەرچاوە هەرە گرنگەکانی وێنەی شیعریی ئەو سەرچاوانەن، کە بۆ خودی شاعیر دەگەڕێنەوە(دکمان، 2012،103)، چونکە ئەم سەرچاوەیە خاڵی جیاکەرەوەی شاعیرە لە شاعیرانی تر، هەرچەندە هەموو مرۆڤەکان چەندین خاڵی لەیەکچوویان هەیە، لەڕووی بیر و هزرەوە، بەڵام دواجار هەموو مرۆڤێك خاوەن تایبەتمەندیی خۆیەتی لە چۆنیەتی دەربڕین و وێناکردنی بیر و بۆچوونەکانی، بەمانایەکی تر بە شێوازێك وێنای بیروبۆچوونەکانی دەکات کە لەوانی تر جیاوازبێت(حەمە، 1398،200). بۆ نموونە شاعیر دەڵێت:

خودا منی لە پاشماوەی گەردەلوول دروستکرد، لە پاشماوەی تۆفان
منی لە خوێنی مردووەکان دروستکرد، لە ئێسکی شکاوی ئەو جەنگاوەرانەی بە غەمگینی لە بیمارستانە ساردەکانی زستاندا مردن
(عەلی، 2014،81).

وەک دەبینین، شاعیر لەم هۆنراوەیەدا تێڕوانینێکی تایبەتی بەرانبەر بەبوونی خۆی هەیە و پێی وایە ئەو جیاواز لە کەسانی دیکە دروستکراوە، چونکە جیاوازتر دونیا دەبینێت. ئەم تێڕوانینەی شاعیریش بەرانبەر بەخۆی لە هۆشیاریی خودی و تایبەتی خۆیەوە سەرچاوەی گرتووە، بەڵام نابێت ئەوەمان بیربچێت، کە ئەم تێڕوانینەی شاعیر تێڕوانینێکی خۆپەرستانە نییە، کەپێی وابێت ئەو لە کەسانی ئاسایی گەورەترە، بەڵکو لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، کە بۆچی ئەو وەکو کەسانی ئاسایی ناتوانێت چێژ لە ژیان وەربگرێت و هەمیشە غەمگینە؟ بۆیە پێی وایە ئەو لە کەرەستە وێران و شکستخواردووەکانی ژیان دروستبووە.

**2– سەرچاوەی بابەتی:** سەرچاوەی بابەتی جگە لە سەرچاوە خودییەکانی شاعیر، هەموو ئەو سەرچاوانەی دیکە دەگرێتەوە، کە شاعیر وەکو سەرچاوە بۆ وێنە شیعرییەکانی بەکاریدەهێنێت، ئەمەش وادەکات سەرچاوەی بابەتی زۆر لە سەرچاوە خودییەکان فراوانتر بێت، هەروەك (د. یوسف مراد) دەڵێت: ((ئەگەر هاتوو شاعیر، ئەدیب، هونەرمەند، ڕۆشنبیرییەکی فراوانی هەبێت، لە کۆکردنەوە و وەرگرتندا و کۆششی بەعەقڵی کردبێت و زەمینەی بۆ خۆشکردبێت، ئەوا شاکاری هونەری نەمر بەرهەمدەهێنێت،

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.2.6
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

هەرچەند ڕۆژگاری بێت و بچێت، ئەوا ئەو بەرهەمە بە جوانی و نایابی خۆی لەدەست نادات، بەپێچەوانەوە جوانییەکەی زیاتر و زیاتر ئەبێت))(عباس، 433،2023). شایانی باسە، سەرچاوەی بابەتی ژمارەیەك بەشی لێ دەبێتەوە، کە ئەمانەن:

أ– **سەرچاوەی نەتەوەیی:** مەبەست لەسەرچاوەی نەتەوەیی هەموو ئەو سەرچاوانە دەگرێتەوە، کە پێکهێنەری ئەدەب و کلتووری نەتەوەیەکی تایبەت و دیاری کراون، لەوانە (ئەدەبی کلاسیك (پێشین)، ئەفسانە، فۆلکلۆر). بێگومان، نەتەوەی کوردیش خاوەن سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندی ئەدەبیاتی کلاسیکە، بۆیە شاعیر هەوڵیداوە بەجۆرێك لەجۆرەکان سوود لەم سامانە دەوڵەمەندەی نەتەوەکەی بۆ پێکهێنانی وێنە شیعرییەکانی وەربگرێت. هەر لەم ڕوانگەیەشەوە (بەختیار عەلی) لە شیعرێکدا بەناونیشانی (مەحوی) شیعرێکی ئەم شاعیرە گەورەیە دەکاتە سەرچاوە بۆ خوڵقاندنی وێنەیەکی شیعریی هەر وەك دەڵێت:

چی بکەم گەر بۆ "ئادابی جنوون" نەگەڕێمەوە بۆ سارا؟
چی بکەم گەر لە پاداشتی شەودا، بەرق لە دڵم نەگرم؟
چی بکەم گەر بەبێ تۆ بەیادی نورەوە نەمرم؟
چی بکەم... سەر وەکو گوڵە باغ لە باغی حیکمەتدا بنوێ؟
(عەلی، 134،2014).

وەک دەبینین، ئەم شیعرەی شاعیر، نەك تەنها مەحوی وەکو سەرچاوەیەك بۆ بەرهەمهێنانی وێنە شیعرییەکەی بەکارهێناوە، بەڵکو لە هەندێ بڕگەی شیعرەکەیدا ئەڵێی دەقاودەق چەمك و وشەکانی مەحوی بەکارهێناوە، چونکە مەحوی لەم شیعرەدا بووەتە سەرچاوە بۆ وێنە هونەرییەکەی بەختیار عەلی هەروەک دەڵێت:

بەجێ نایێ دەبێ ڕوکەینە سارا
حەقی ئادابی مەجنوونی لە شارا
(مەحوی، 40،1389)

ب– **سەرچاوەی مرۆڤایەتی:** سەرچاوە مرۆڤایەتییەکان بایەخێکی گەورەیان هەیە بۆ شاعیران، چونکە شاعیرانیش مرۆڤن و دابڕاونین لەو ڕووداوە جیهانیانەی، کە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا هاتوونەتەکایەوە، بۆیە هەوڵدەدەن وەکو سەرچاوەیەك بۆ وێنە شیعرییەکانیان سوود لە مێژوو وەربگرن، هەروەك (هەژار موکریانی) پێی وایە((شاعیر دەبێت وەکو هەنگ وابێت، شیلە لە گوڵاوی جۆراوجۆر هەڵمژێ و دواتر وەکو هەنگوین بەرهەمێکی شیرین و جیاوازی لێبەرهەم بهێنێت))(موکریانی، 41،2009). هەر لەم بارەیەوە (بەختیار عەلی)یش لە یەکێك لەشیعرەکانیاندا بۆ دروستکردنی وێنەیەکی شیعریی سوود لەوێنەیەکی مێژووی جیهانی وەردەگرێت و هەروەکو دەڵێت:

حەزدەکەم لەگەڵ تەیموری لەنگدا بەیانییەك بڕۆم بۆ ڕاوشکار
حەزدەکەم لەگەڵ حەجاجدا بولبول و تاوس بگۆڕمەوە
حەزەکەم کچێك لە تەتارە کۆنەکان بخوازم
حەزەکەم لەگەڵ هۆلاکۆدا دانیشم، تادرەنگ شەراب هەڵدەم، تا نیوە شەو مەی بخۆمەوە
(عەلی، 78،2014)

وەک دەبینین، شاعیر لەم شیعرەدا بۆ دروستکردنی وێنە شیعرییەکەی سوودی لە سێ کەسایەتیی مێژوو وەرگرتووە، یەکەمین تەیمور لەنگە، کە سەکردەیەکی سەربازی مەغۆلەکانە و یەکێکە لە نەوە و نەوەزاکانی جەنگیزخان(سلیم، 93،2005) کەسایەتیی دووەمیش (حەجاجی کوڕی یوسفی سەقەفییە)، کە سەرکردەیەکی عەرەبی سەردەمی ئەمەوییەکانە و بۆ ماوەی بیست و نۆ ساڵ فەرمانڕەوایی عێراقی کردووە(طە، 194،1985)، کەسایەتیی سێیەمیش (هۆلاکۆیە)، کە ئەمیش لە نەتەوەی مەغۆلە و یەکێکە لە نەوەکانی جەنگیزخان(عبدالحکیم، 81،2012). سەرباری ئەوەی شاعیر سوودی لەم سێ کەسایەتییە وەرگرتووە و هەرسێکیان لە خاڵێکدا هاوبەشن، کە دڕندەیی و ستەمکارییە، بەڵام شاعیر لەم شیعرەدا وێنەیەکی نوێی لێ بەرهەم هێناون و بۆ مەبەستێکی دیکە بەکاریهێناون، کە ئەویش مەبەستی دوور لە شەڕ و جەنگە.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.2.6
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

**ئەنجـــام**

لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا گەشتین بەم خاڵانەی خوارەوە:

1– بونیاد بریتییە لە سیستەمێکی ناوەکی، کە ڕەگەزە جیاوازەکانی ناو دەق ڕێکدەخات و پەیوەندییەکانیان پێکەوە گرێدەدات.
2– ئاواز یەکێکە لە بنەڕەتیترین بنەماکانی شیعر، هاوکات یەکێکە لەلایەنە کاریگەرەکانی شیعر بۆ مانەوەی شیعر و زوو بڵاوبونەوەی و گەڕانی بەشێوەی دەماودەم.
3– کێش وسەروا پێکهێنەری مۆسیقا و ئاوازی شیعرە، ڕۆڵی بنچینەیی لە پێکهێنانی بنیادی هونەری دەقی شیعرییدا دەگێڕێت و یەکێکە لەو ڕەگەزانەی، کە شیعری پێدەناسرێتەوە.
4– شیعر بەبێ ڕیتم(ئاوازی) ناوەوە نابێت و لە بنەمادا ڕیتم وەکو ڕەگەزێکی بنچینەیی و سەرەکی شیعرە و لێی جیانابێتەوە و شیعریەتی دەق بەهێز دەکات.
5– وێنە شیعریی بونیادی بنەڕەتی شیعرە، لە کۆمەڵێك ڕەگەز پێکدێت کە بریتین لەمانە: (زمان، بیر، ئەندێشە، سۆز، نەست، واقع).
6– وێنەی تاك وێنەیەکی بچووکی سادەیە، بەڵام وێنەیەکی چالاکە و ڕۆڵی گەورەی لە بنیادنانی وێنەی گشتی دەقدا هەیە.
7– وێنەی لێکدراو ئەنجامی کۆبوونەوەی دوو وێنەی تاك، یان زیاترە و نزیکبوونەوەیان لەیەك بۆ پێشکەشکردنی، بیرۆکە هەڵوێست، سۆزێك کە باکگراوندێکە دەروونی یان ژیری هەیە و کۆمەڵە هەڵوێستێکی ئاڵۆزتر دەردەبڕێت، لەوەی کە بتوانرێت لەڕێگەی وێنەی تاکەوە دەرببڕدرێت.
8– سەرچاوەکانی وێنەی شیعریی لەلای شاعیران جۆراوجۆر و فراوانن، لە شیعرەکانی(بەختیار عەلی)دا، سەرچاوەی خودی و سەرچاوەی بابەتی هەن.
9– سەرچاوەی بابەتی لەشیعرەکانی(بەختیار عەلی)دا، ژمارەیەك بەشی لێ دەبێتەوە وەکو سەرچاوەی نەتەوەیی، سەرچاوەی مرۆڤایەتی.... هتد.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.2.6
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

**سەرچاوەکان**

**یەکەم: بە زمانی کوردی**

**کتێب:**

1– ئەحمەد، پەخشان عەلی، 2009، شێوازی شیعری گۆران، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.
2– ئەحمەد، حسێن جەبار، 2008، ئیستاتیکای دەقی شیعری کوردی کوردستانی عێراق(1950-1970)، سەردەم، سلێمانی.
3- ئیبراهیم، زەکەریا، 2013، کێشەی بونیاد، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.
4- ئیگڵتن، تێری، 2016، تیۆری ئەدەبی، چاپخانەی ئەندێشە، سلێمانی.
5– حەسەن، سەردار ئەحمەد، 2004، بنیاتنانی وێنەی هونەری لەشیعری کوردیدا، (1950- 1970)، دەزگای سەردەم، سلێمانی.
6- حسێن، جەبار، ئەحمەد، 2008، ئیستاتیکای دەقی شیعری کوردی کوردستانی عێراق(1950-1970)، سەردەم، سلێمانی.
7– حیلمی، ڕەفیق، 2010، شیعر و ئەدەبیاتی کوردی، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.
8- خزندار، مارف، 1962، کێش و قافیە لەشیعری کوردیدا، بەغداد.
9– دیوانی مەحوی، 1389، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی مەلا عبدولکریمی مودەڕیس و موحەمەدی مەلا کەریم، انتشارات کردستان، سنة.
10- سلێمان، هەژار فەقێ، 2018، سێبەری مانا، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.
11– عەبدوڵڵا، ئیدریس،2020، سێبەری مانا، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.
12– عەلی، بەختیار، 2011، چێژی مەرگ دۆستی، ناوەندی ڕەهەند، سلێمانی.
13– عەلی، بەختیار، 2014، ئەی بەندەری دۆست، ئەی کەشتی دوژمن، ناوەندی ڕەهەند، سلێمانی.
14– عەلی، بەختیار، 2014، تا ماتەمی گوڵ... تا خوێنی فریشتە، چاپخانەی ئەندێشە، سلێمانی.
15– عەلی، بەختیار، 2019، تا ماتەمی گوڵ... تا خوێنی فریشتە، ناوەندی ڕەهەند، سلێمانی.
16– عەلی، بەختیار، 2021، خوێنەری کوشندە، ناوەندی ڕەهەند، سلێمانی.
17– عەلی، بەختیار، 2024، بەسەرسامی لەناو وێرانەدا، چاوپێکەوتن لەگەڵ(مەریوان هەڵەبجەی)دا،ناوەندی ڕەهەند، سلێمانی.
18- عزیز، عزالدین احمد، 2014، بنەماکانی دەرونزانی گشتی، ڕۆژهەڵات، هەولێر.
19- عیسا، هاوژین سلێوە، 2009، بنیاتی وێنەی هونەری لەشیعری شێرکۆ بێکەسدا، سەردەم، سلێمانی.
20– گەردی، عەزیز، 1999، کێشی شیعری کلاسیکی کوردی و بەراوردکردنی لەگەڵ عەروزی عەرەبی و کێشی شیعری فارسیدا، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.
21- ماتیۆس، پیتەر هۆگۆ، 2022، جەمال عیرفان، سلێمانی.
22– مەولود، ڕێزان صالح، 2021، ئەندێشە لەئەدەبدا، ئاودێر، هەولێر.
23– موکریانی، هەژار، 2009، چێشتی مجێور، بڵاوکراوەی ئازادی.
24- هارتمان، یان، 2019، فەرهەنگی فەلسەفی سویدی-ئینگلیزی- کوردی، چاپخانەی ناران، سلێمانی.
25- هاڵبێرگ، پیتەر، 2010، تیۆری ئەدەبی و شێواز ناسی،و. ئەنوەر قادر محەمەد، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، هەولێر.

**گۆڤار:**

26- حەمە، ئەڤین ئاسۆس، 1398، شیعری چنور نامیق لەڕوانگەی شێوازناسی ئەرکییەوە، پ ژ و هشنامەی ادبیات کردی، دوره پنجم، شمارە8، پایز، زمستان.
27- سعید، محمد أحمد، 2012، بنیاتی هونەری شیعرەکانی دڵدار، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە (33).
28– عەلی، زانیار صالح، 2022، بنەماکانی دروستکردنی ئاوازی ناوەوە لەشیعرەکانی (کەریم شارەزا) دا، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ژمارە(9).
29– عەباس، لانە رضوان، 2023، بنیاتی شیعری لەشیعری(مستەفا بەگی کوردی)دا، گۆڤاری قەڵای زانست، ژمارە(1).
30- میهرداد، ئەکرەمی، 2011، ئاسمانی بێسنوری شیعر، گۆڤاری هەنار، ژمارە(61)، ساڵی شەشەم. نامە ئەکادیمییەکان:
31- احمد، مەریوان حەمە کەریم، 2022، بنیاتی وێنەی هونەری لەشیعری (سالم)دا، نامەی دکتورا، زانکۆی سلێمانی.
32- جامی، بەهار عبدالجبار، 2016، هونەرەکانی جوانکاری لەشیعرەکانی (عەونی)دا، ماستەرنامە، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.
33– حەمە کەریم، هۆگر جمعە، 2017، وینە لەتاقیکردنەوەی شیعری عەبدوڵڵا پەشێودا، ماستەرنامە، زانکۆی ڕاپەڕین.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.2.6
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

34- سابیر، عزەدین، 2015، شێوازی هۆنراوەکانی شێخ نووری شێخ صالّح، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی.
35– عەلی، زانیار سالّح، 2023، بنیاتی ئاواز و شێواز لەشیعری هاوچەرخی کوردیدا(1970-1990)، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی.
36– کەریم، فەرهاد قادر، 2009، بنیاتی وێنە لەشیعرەکانی حەمدیدا، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی.
37– گەرمیانی، د. عادل مەجید، 2000، وێنەی بابەتی لەهۆنراوەکانی گۆران و سەیابدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێجی پەروەردە، ئیبن ڕوشد، زانکۆی بەغداد.

**دووەم: بەزمانی عەرەبی**

**کتێب:**

38- المطيري، د.معصومه سهيل، 2005، الصحه النفسية مفهومها، مكتبة الفلاح للنشر والتوزيع، كويت.
39- راجع، أحمد عزت، 1997، أصول علم النفس، دار المعارف بمصر، القاهرة.
40- سليم، صبر يعبد الطيف، 2005، تيمور لك في ميزان التاريخ، الطبعة الاولى دمشق، سوريا.
41- طه، عبدالواحد ذنون، 1985، المراق في عهد الحجاج بن الثقفي، بيروت، لبنان.
42- عباس، احسان، 1979، فن الشعر، دار الثقافة، لبنان، بيروت.
43- عبدالحكيم، منصور، 2012، هولاكوخان، الطبعة الاولى، القاهرة، مصر.
44– عبدالطيف، محمد حماسة، 2001، ظواهر نحوية في الشعر الحر، ط1، القاهرة، مصر.
45- عبدالعال، محسن، 2001، النقد الحديث، طبعة الاولى القاهرة، مصر.
46- مراد، يوسف، 1998، مباديء علم النفس العام، ط3، القاهرة، مصر.
نامەی ئەکادیمی:
47- الفواد، خير، 2009، ادونيس وشعوره في الشعر الحر، رسالة ماجستير غير منشورة، مقدمة الى جامعة شريف هداية الله، في جاكارتا.
48- دوقات، الصادق، 2014، الصورة الشعرية عند ابي القاسم الشابي، رسائل الماجستير غير منشورة، جامعة حمة الحضر في الجمهورية الجزائرية الديموقراطية الشعبية.
49- سعد، رقية، 2022، الصورة الشعرية في ديوان(مراد من غيوم) لسعد بن عبدالله الغريبي، رسالة الماجستير، في الادب العربي الحديث والمعاصر، الجامعة محمد خضير في الجزائر.

**مجله:**

50- الركابي، اميمة محمد عبدالعزيز، 2019، الصورة الفنية في الشعر الحكمة في الاندلس حتى نهاية عصر المرابطين، مجلة كلية التربية، جامعة عين شمس الحدد الخامس والعشرون(الجزء الثالث).
51– الفهداوي، سارة قاسم محمد، 2009، التكرار الصوتي في الشعر(المقنع الكندي)، مجلة العلوم الانسانيية، العدد(36)، جامعة الانبار كلبية التربية، قسم اللغة العربية.
52– جعفر اضواء محمد، 2019، منهج تربية حواس الطفل في الاسلام، مجلة البحث العلمي، كلية التربية، جامعة ام القري، المملكة العربية السعودية.
53– دكمان، عبداللطيف شنشول، 2012، مصادر صورة الشعرية في رائية الحجاج، مجلة كلية التربية، جامعة الكوفقك العدد السادس والشعرون.
54- فرجون، خالد محمد، 2017، المجلة الدولية للتعليم، ديسمبر.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.2.6
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)